# شەونم

## هۆنراوەی (20)

صوفی از پرتو می راز نهانی دانست

سۆفی بەو چۆڕە مەیەی رازی نیهانی زانی
رەگەزی گش کەسی لەو لەعلە بە جوانی زانی
حورمەتی چەپکە گوڵێ تەیری بەیان دەیزانێ
نە کەسێکی دوو پەڕی خوێند و مەعانی زانی
لە مەتاعی دوو جیهاندا دڵی دنیادیدەم
غەیری عیشقت ئەوی دی پاکی بە فانی زانی
بە نەزەر بەرد و گڵی بۆ دەبنە لەعل و عەقیق
ئەوی قەدری نەفەس و شانی یەمانی زانی
ئەو زەمان رۆیی ئەمن گوێ دەمە تانەی ئەم و ئەو
چونکە دارۆغە بە هۆی عیشقی نیهانی زانی
بە تەمای دەرسی ئەوینێ لە عەقڵ فێر بی ؟ نەکەی
عاشق ئەو نوکتە گرینگەی بە نەزانی زانی
بادە بێنە , گەشە ناکا بە گوڵی باغی جیهان
هەرکەسێ هەڵمەتی زریانی خەزانی زانی
پێی موناسب نەبوو دیداری مە جارێ دڵبەر
ئەگینا حاڵی دڵ و چاوەڕوانی زانی
حافز ئەو لیزگە دوڕ و گەوهەرە هۆندوویەتەوە
لە شەپۆلی کەرەمی ئاسەفی سانی زانی

**حافزی حەقیقی**